
# ماڵی سبەستیان

هیوا قادر
(سلێمانی)

لە دەرگایەکی سپییەوە
دەچمە ناو
باخچەکەی ماڵی سبەستیان،
با دەبینم لە ژێر بنچکی گیاکاندا گاگۆڵکێ دەکات،
جوانییش وەک گەرد بە ناو هەوادا
بێباکانە دەفرێت،
لە ژێر ئەو ئاسمانە سەوزەدا
نامەیەکی کراوەم لە ماسییەکانەوە پێ دەگات
کە بە پیتی پوولەکە نووسراوە،
لەسەر توێی ئاوی حەوزەکە دەیخوێنمەوە و
لێوم دەکشێت،
چاوم پڕ دەبێ لە بریقوباقی خەیاڵ.

لە ماڵەکەی سبەستیاندا
نارنج دەبارێ و زەوی بە ڕەنگی خۆی
دادەپۆشێت،
بە بیرکردنەوە
لە تامی مزری نارنجێکی گەییو
کە لە کەوتنەخوارەوەیدا سەری بەردێک
دەشکێنێت،
من دەمم لە بری جۆگەلەکان پڕ دەبێ لە ئاو.

ئەو بەیانییە فێنکەی
درزێکی سپی بە ئاستەم
دەخاتە ناو گلێنەی پشیلەیەکەوە،
کە هێشتا کراسی قەترانیی نیوەشەوی
دانەکەندووە،
سنگم پڕ دەکات لە بۆنی یاسەمین و



له خۆشییاندا قسەم بیردەچێتەوە و
لەبەر خۆمەوە دەمیاوێنم.

لە شارە کۆنەکەی توونسدا
لەبەردەم ماڵێکدا دەوەستم و
بە تەقولبابێک تەقە لە دەرگایەکی شین
هەڵدەستێنم،
گوێم لە خشەخشی جووتێک نەعلە
کە وەک ترپەی شڵەژانی دڵ لێم نزیک دەبێتەوە،
سەر هەڵدەبڕم
هەورە نزمەکانی سەربانەکان
تەنیا هەور نین،
ئاوی جەستەی ئەو مرۆڤانەن
کە ڕۆژانێک لەو حەوشانەدا
ژیان بە جوانییەکانی خۆی سەرمەستی کردوون،
نم نم باران دەبارێ
بە دڵۆپی ژیانی ئەوانی تر تەڕ دەبم،
بوون لەگەڵ باراندا دەبارێت.

بەدەم گوێگرتن لە شەپۆلەکانەوە
توێژێکی تەنک لە سوێری لەسەر ڕوخسارم
دەنیشێت،
ئاو خوێکان دەتوێنێتەوە
خەمیش کاتێک مرۆڤ دەگری،
ئەم هەموو سوێرییە دەڕژێتە ناو دەریاوە،
کەچی بە بەرکەوتنی پرپشکێک لە شەپۆل،
من دەتوانم دەریا لەگەڵ خۆم بەرمەوە بۆ ماڵەوە.

نەفرەتی شاعیربوون وام لێ دەکات ڕانەیەم بە
هیچ،
من بۆیە شاعیرم بۆ ئەوەی وەک
هەمووان نەبینم،
ڕوخساری ئەو مرۆڤانەی بۆ یەکەم جار و دواجار
دەیانبینم
وام لێ دەکەن ببم بە سنەوبەرێک
دارستانێک لە مرۆڤ لە پشتمەوە بشارمەوە،
لەگەڵ خۆم بەدەوری خۆم و
بە دەوری خۆر و مانگدا بیانگەڕێنم،
کەچی هەستیش بکەم هەر تەنیام.

لە کۆڵانە تەسکەکاندا
شانم بەر شانی ئەو ڕۆژگارانە دەکەوێت
کە تێیاندا نەژیاوم،
کەچی وەک گەردی دەم با دەڕۆم و
نازانم بۆ کوێ،
وەک نەسیم دەفڕم و
نازانم بۆ کوێ.

**فرێدریکی یەکەم پادشای ڕۆمانیا، دوای کۆتاییهاتنی یەکەمین جەنگی جیهانی، سامانێکی زۆر بە (جۆرک سبەستیان)ی کوڕی دەبەخشێت، بەو مەرجەی دەستبەرداری هەموو میراتییەک ببێت و وڵات بەجێ بهێڵێت. سبەستیان دەچێتە شاری حەمامات لە توونس، ماڵێک بە نەخشەسازییەکی تایبەت دروست دەکات. لەناو ئەو باخچە گەورەیەدا کە زۆرینەی درەختەکانی دنیای تێدا دەڕوێنێت، ڕۆنی ئالیۆ نەخشەی شانۆیەکی کراوەی نیمچە ڕۆمانی دروست دەکات. بەشێکی زۆری هونەرمەندانی دنیا شانۆگەرییەکانی خۆیان لەوێ پێشکەش دەکەن. ئەندرێ جید، جۆرج برنانۆس، جیاگو مونتی، جان کوکتو و پول کلی چوونەتە ئەم ماڵەوە. ماجیدە ڕۆمی و مارسیل خەلیفە کۆنسێرتیان لە شانۆکەیدا گێڕاوە. چەرچل بەشێک لە یادەوەرییەکانی خۆی لەوێ نووسیوە و ڕۆمڵ و ئیزنهاوەر لە ماوەی جیاجیا لەم ماڵەدا ژیاون.**